# یۆژینیۆ باربا: شانۆ پیشە نییە، بەڵکو هەستکردنە بە بوونی خود

**پرسیار: بەڕێز باربا، ئایا دەتوانی پێناسەی ئەو چەمکە نوێیەمان بۆ بکەی کە بەشانۆی سێیەم ناسراوە، پێشموایە بەڕێزت داتهێناوە؟**

باربا: شانۆی سێیەم نوێنەرایەتی بارودۆخێکی هەستپێکراو دەکات، بۆ چەند گروپێکی درامی کە پیادەی چالاکی خۆیان دەکەن لە هەموو جیهاندا. ئەوانە ژمارەیان لە سەد زیاترە و بگرە لە هەرزاریش. دەشتوانین بڵێین ئەم کۆمەڵانە کەمینەن لەچاو چوارچێوەی چالاکی شانۆیی لاساییگەریدا.

ئەم کۆمەڵانە کە دروست بوون زۆربەیان لاوانن و مەبەست و ئارەزویان لایەنی ئیستاتیکی و پیشەیی نییە، بەڵکو ئامانجیان بەدیهێنانی پێویستیەکی قوڵە لە جوڵە و پەیوەندی، هەروەها دەربازبوون لە بونیادی چینایەتی توندوتیژ. ئەمەش دروستکردنی شانەیەکی زیندوی نوێیە. ئەوە گرفتی شێوازی ژیانە کەوایکردوە شانۆ و چالاکی شانۆیی تیائەبێتە نێوەند و گەیەنەر. ئەم کۆمەڵانە هەوڵدەدەن پردێك لە نێوان ئارەزوە قوڵەکانیان و چالاکیەکانی ڕۆژانەیان دروست بکەن. لێرەدا شانۆ پیشە نییە، بەڵکو هەستکردنە بە بوونی خود لای هەموو تاکێك لەو کۆمەڵانە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندی لە نێوان بەشداراندا گەشە دەکات. بێگومان ئاراستەی گشتیش بەرەوبەرهەمهێنانی نمایشی شانۆیی دەبێت، بەڵام سەرباری ئەمانە چالاکی تریش هەن کە گرنگیان لە مانە کەمتر نییە.

شانۆی سێیەم تەمسیلی کاردانەوەی ئەو هەزار لاوە دەکات کە جیاکاریان بەرامبەر کراوە، ئەو گەنجانەی نەیانتوانی بوو یاخود ئارەزویان نەبوو کە دەوامبکەن لە خوێندنی پەیمانگەی شانۆی لاساییگەریی. لێرەوە ئەو قورس و گرانییە لە بەرنامەی چالاکیەکانیاندا دەبینینەوە، چونکە ئەمان دەکەونە دەرەوەی پێوانە باوەکان و ڕۆشنبیریەکان یان هەر گرنگیدانێك بە سروشتی ئیستاتیکا، لەسەریشمانە کە شانۆی سێیەم لەسەرو هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانەوە دابنێین وەك لەوەی کە زیاتر دیاردەیەکی ئیستاتیکی بێت.

بەم ڕێگەیە شانۆی سێیەم وابەستە دەبێت بە خونەریتە دێرینەکانەوە بە تایبەتیش کۆمیدیای دیلارتی. ئەم جۆرە کۆمیدییانە خۆیان وا دادەنێن کە زۆر پیشەگەرنین لە شانۆ و ڕۆشنبیریدا.

هیچ جیابوونەوەیەك لە نێوان ئەو شێوەیە لە دەربڕینی شانۆیی و کۆمەڵێك ڕێکخراو لە هونەرمەندان دەرنەکەوت تاکۆتایی سەدەی حەڤدەهەم. دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین کە شانۆی لاساییگەریی بریتییە لە نمونەیەکی ئەوروپی یاخود ڕۆژئاوایی کە خۆی بەسەر ڕۆشنبیرییەکانی تردا سەپاندوە، بڕوام وایە کە بتوانین ڕاڤەی پەیوەندی نێوان شانۆی سێیەم و لاساییگەریی بکەین، بەڵام پێویستە لەسەرمان ئەوبەراورد کردنە لەگەڵ چەند دۆزینەوەیەکی زانستیدا بێ بۆنمونە: هاوێنەی بینین: کاتێك کە مایکرۆسکۆب داهێنرا چەمکی سروشت تا سنورێکی گەورە فراوانتر بوو، هەروەها ئەو پرسیارە بەدەرکەوت کە پەیوەست بوو بە باری ئەو جیهانەی دەبینریٚ یاخود هەر جیهانێکی تر.

بەلای منیشەوە شانۆی سێیەم دیاردەیەکی لەم چەشنە پێکدەهێنێ. هیچ شێوەیەکیش لە شێوەکانی یەکگرتن لە شانۆی لاساییگەریدا ناکرێت و ئارەزوش نییە بۆی، چونکە دوو جیهانی جیاوازن، لەسەریشمان پێویستە ملکەچ بین بۆ یاسای جیاواز.

**پرسیار: بەڕێز باربا، شرۆڤەی سروشتی شانۆی سێیەمت بۆ کردین، بەڵام توخمێکی گرنگ هەیە کە لە پێناسەکەتدا نەبوو، ئەویش بینەرە، بەپێی وتەکەی خۆت کامەیە بینەری گریمانی یان ڕاستەقینە لەم جۆرە نوێیەی**



شانۆدا؟

باربا: پێویستی بۆ پەیوەندیەکی مرۆیی نویٚ، ئەو هێزی ئـەنگێزە قوڵەیـە کـە لـەدوای شـانۆی سـێیەمەوەیە. هەوڵـدانیش بـۆ پێکهێنـانی پەیوەندیـەکی نـویٚ لـە کـاری هەرەوەزیـدا دەردەکـەوێت، هـەروەها لـەو ڕێگەیـەوە کـە کۆمەڵەکەمان بە دوای بینەردا دەگەڕێت، شێوازی کۆمەڵە خۆی وێنا دەکاتـەوە بۆ بینـەر، ڕێگـەش بە بینـەر دەدات کەوێنـەی خـۆی بـدات بـە کۆمەڵەکـەمان. شـێوازی ئەزمونـەکان هەمـەجۆرن. ئەوانـەی لـە شـانۆی سـێیەمدا کاردەکـەن، چەند مـانگێکی درێژخایـەن خـەریك دەبـن بـە دەرهێنانی نمایشێکەوە کە یەکجاریش نمایش دەکرێت. بۆیە زۆر جار پێویستیان بەکار و پیشەی ترە، ئەو کاتەی ئەم شانۆیە دەبێتە شانەیەك، تاکەکانی جۆرێکی نویٚ لە پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی دادەهێـنن. ئیـدی ئـەوە دەبێتـە شوێنی کۆبوونەوە کە مرۆڤ دەتوانێت باسی

پەرچدانەوەی بوونە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی بکات.

بەڵام لەم جۆرە نوێیەدا مـەرج نییـە سروشتی ئێستاتیکی پێوانـەی بنچـینەیی و پەیوەندیشـی بـە پیشـەی ڕۆشـنبیریەوە هـەبێت ، ئـەو بینـەر و جـەماوەرەی کـە شـانۆی سـێهەمیش بـە دواییـدا دەگـەڕێت لاسـاییگەریی نییـە، ئـەمان هـەر بـە تـەنها پێشـنیاری نمـایش ناکـەن کـە بابـەتێك بێـت بـۆ بیرکردنـەوە، بـەڵکو هـەروەها چـۆنیەتی ئەفراندنی پەیوەندی بەشداریکردن لـەناومانا کەمـە. ئێمـە زۆر پێویستمان بەمەیە .

پرسیار: بـەڕێز باربـا، باسـی ئەوانـەت بـۆ کـردین کـە لـە شانۆی سێیەمدا کاردەکەن و گرنگیەکەیانت ڕونکردەوە. بەڵام ئەم شانۆیە شێوازێکی تایبـەتی بـە خـۆی نییـە، بـە تایبـەتی لـە بـواری پەیوەنـدی نێـوان نوسـەر و ئەکتـەر و دەرهێنەردا.. هتد؟

باربا: بە یارمەتی خۆت، ڕێگەمبدە بەراوردێك بکەم.

هەموو ریتواڵێك ژیانێكی شێوە ڕووەكی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام ئەم ژیانە ڕووەكییە ڕەنگاو ڕەنگە، گرانیشە خاڵی هاوبەشی نێوانیان بدۆزینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هاوشێوەی ڕیتواڵییان هەموو كات ڕوونە بە شێوەیەكی زۆرە ملیٚ و بنبڕ، ئەم ژیانە ڕووەكییەش خۆی بەسەر شانۆی سێیەمدا پیادە دەكات چونكە شانۆی سێیەم ڕیتواڵێكە بۆ چەند گەنجێكی چالاكی ناڕازی كە نەخش دەكێشن بۆ هێنانەدی هەندێك لە خەونەكانیان. ئەو گەنجانەی كە گومانیان لە سیاسەت و هەموو ئایدۆلۆژیایەكی دۆگما هەیە. ئەوە فاكتەرێكی كۆمەڵایەتییە كە ئامانجی ئیرتجالی پەیوەندیەكی نوێیە، هەروەها ئەوە سروتێكی (ریتواڵ)ی هاوبەشە لە نێوان ئەزمونە جیاوازەكاندا.

پێویستە ئەو لایەنە ڕونبكەینەوە كە: شانۆ كوتلەیەكە لە كەسەكان، بە تەنها شوێن نییە بینای هۆڵەكانیش گرنگیان نییە. لە هەر شوێنێك ئەكتەر و دانەر هەبێت، ئەوا شانۆ هەیە. بە هۆی ئەم ڕاستیەوە دەشێت ڕۆڵی ئەكتەر زۆر هەمە جۆر بێت. ئەمەش چەند ئەگەرێكی فراوانە بۆ ئیرتجال، سەرباری ئەوەش كە نمایشێك لەسەر دەقی نوسەرێك ڕێكدەخرێت، شانۆی سێیەمیش ئەوەی لە تێكست ئەویٚ كە لایەنداری (ینتمی) بۆ ئەو ئەكتەرە هەبێت كە بەكاریدەهێنێت.

**پرسیار: لایەنێك هەیە لە شانۆی سێیەمدا هەڵگری گرنگیەكی تایبەتە ئەویش دامەزراوەی (یونسكۆ)یە، كە خاوەن كەسێتییەكی جیهانییە، گرنگی دەدات بە شێوە شانۆییەكانی وڵاتانی سێیەم. ئەمەویٚ لەم بابەتەوە پرسیارت لێبكەم.**

باربا: شانۆی سێیەم سروشتێكی نێو نەتەوەیی هەیە، چونكە شێوازە جێگیر و لاساییگەرییەكانی شانۆ لە هەموو وڵاتێكدا بە شێوازێكی بەتاڵ و ناپەسەند دادەنێن، هەروەها شانۆی سێیەم گرنگی تەواو بە ئەزمونی دیار و شانۆی مێڵتی كلتوری دەدات، توانیمان ئەوە لە (ستۆدیۆی بەلگراد)دا ببینین كە چۆن بەشداران گرنگیان بە شانۆی (بالی) و شانۆی یابانی دەدا.

لە ڕاستیدا ئەو شێوە شانۆیانەی كە ڕۆژئاوایی نین جێگەی گرنگی پێدانی شانۆی سێیەمن و بە پلەی یەكەم دێن، ئەمەش بە هۆی ئەو ڕۆڵەیانەوە كە بەخشیویانە بە جەستە و گۆرانی و سەما، واتە هەموو لایەنەكانی هەست و سۆز بۆ شانۆ، كە ئەنگیزەیەكی زیندوەو بۆتە سەرچاوەیەكی ئیلهامبەخش بۆ شانۆی سێیەم.

ئێمە سوپاسی یونسكۆ و دەزگای شانۆی نێو دەوڵەتی دەكەین كە بۆ یەكەمجار بە هاوكاری ئەوان توانیمان ئەزمونێكی ڕاستەقینەی خۆمان پیادە بكەین. ئەزمونی كاركردن لەسەر ئاستێكی سۆزدار، ئێمە سوپاسی یونسكۆ دەكەین بۆ ئەو ئارەزوەی كە هەیەتی بۆ ڕۆیشتن بەرەو میتای فۆڕمە ناسراوەكان، گرنگیدانیش بە ڕوەك و تۆی نوێ ڕۆژێك دێت بەروبومەكەی بێتە دی، ئێمە بڕوامان وایە كە ئەوە دێتە دی، جا هاتنە ناوەوەی یونسكۆ و دەزگای شانۆی نێودەوڵەتی سنورێكی بۆ ئەو گۆشەگیریە پڕ ئازارەی شانۆی سێیەم دانا، لە ماوەی ئەو سەرپەرشتیكردنەشدا، ئەو گۆشەگیریەی كە جۆرێك گرێی سەركەوتنی مۆراڵی بۆ ئەندامانی شانۆی سێیەم دروستكردبوو تا ڕادەیەك كەمبووەوە.

**وەرگێڕانی: بورهان قەرەداغی**

# شانۆ چییە؟



نووسینی: د. فازل ئەلسودانی

یۆژینیۆ باربا لەکتێبی (بەلەمێك لە کاغەز) پرسیارێکی ئەبەدی لەبارەی شانۆ دەخاتە ڕوو، پرسیارەکە بەوە دەست پێ دەکات: شانۆ چیە؟ ئایا پانتاییەکە لەناو بیناسازیەکی دەرکەوتوو؟ یاخود ئەفراندنی جوانی و فیکری دینامیکیە؟

بۆ ئەوەی ئەو هاوکێشەیە دوور بخاتەوە، یەکێك لەگۆرانیەکانی باساڤانا مان بۆ دەگوازێتەوە، کە دامەزرێنەری یەکێ لەئاینە یاخیەکان بوو لەسەر یەقینیەکان لەسەدەی سیانزەهەم لەهند "پەرستگایەك درووست دەکات بۆ چاکبوونەوە/ منیش/ هەژارم/ چیبکەم؟/ دەبوو وەلامدەمەوە:/ قاچەکانم وەك عامودە /سینەم سەکۆی سەربڕینە/ سەرم کلاوی زێڕینە/ (بەوە تەواو ئەبێت) گوێم لێبگرە سەروەری ڕووبار کە وەریدەگری/ شتە جێگیرەکان دەکەون/ جولە دەمێنێتەوە"

بەدڵنیاییەوە باساڤانا ئەوەی دەست نیشان کردووە کە شانۆ وکرۆکەکەی چیە، ئەویش جولە ودینامیکیەتی فیکرەکان و وێنەیە، بەوەش شانۆ لەبنیاتێکی بیناسازی جێگیری بێ جولە دەگوازرێتەوە بۆ پەرستگایەکی هونەری، ئەو شانۆیەی کە گۆردن گریك جەختی لەسەر دەکاتەوە وەك وەلام لەسەر ئەو بیرۆکە ووتراوە، کە بیناسازی بنیاتی شانۆ لەیەك کاتدا دراما وشانۆ دەخولقێنن.

ووتی: شانۆ ئەو دەنگە فیزیکییە بۆ مرۆڤ، کە گوزارشتی ڕووخسار وجولەی جەستەی مرۆیی یا ئەکتەرە، ئەوەش مانای وایە ئەو شانۆیەی بیناسازی بەشێوەیەك لەشێوەکان لەجولەدا بەرجەستە دەکات، واتا ئەوە پانتایی هونەرە نەك بنیات، بەمانایەکی تر ئەو پەروەردە کردنی ئەکتەرە لەسەر جولەو وشێوەو دادەنرێ بە یەکێ لە پێکهاتە گرنگەکانی شانۆ ونمایش.

لەسەدەی نۆزدەهەم کاتێ پرسیارە کرۆکیەکە دەستی پێکرد، ئەوەی جەختی لە بایەخی دەرهێنان دەکرد لە نمایشی شانۆیی، زۆر لەخەونی جاڕسکەر دەرکەوت، کە داواکاری ئەوە بوون پلان ودیدگاو شێوازی دەرهێنانی دەقی شانۆیی لەسەر کاغەز (سکرێبت) جێگیر بکرێت.

باربا ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە هەندێك لە نووسەران لەوانە چیخۆف ئارەزووی لەوە بوو لەدیدی تێکستە شانۆیەکانی کە ستانسلافسکی دەریدەهێنا، بەشێکی دابڕاو نەبێت لەو نووسینەی بۆ دەرهێنانی شانۆییەکە دایناوە، بەو پێیەی دەقە شانۆییەکان درووست کراون لەسەر دیدگای دەرهێنانی نمایش.

واتا ئایندەی دەق هەر لە نووسینیەوە لەلایان نووسەرەوە، جیا نابێتەوە لەنمایشی شانۆیی، بەڵکو ئەوە تۆی دەرهێنانە وتەنیا ئەدەبی نیە، لەدیدی دەرهێنانی لای دەرهێنەر گەشەی پێ دەدرێت، لەوەشدا نووسەر داوای لێ دەکرێت کە لەنووسینی تێکستدا بیر لەشێوازێکی ئەدەبی نەکاتەوە، بەڵکو ئەو لەسەریەتی ڕاهێنان بکات و فێری چۆنیەتی نووسینی دەق ببێت لای یۆژینیۆ باربا و ئەوانیتر.



لەسەر تەختەی شانۆ، کە بتوانێ قەبارەو پێداویستیەکانی زەمەنی نمایشی میتافیزیکی تێبگات، نەك شێوازی ئەدەبی، گۆڕدن گریك لەدەرهێنانی بۆ شانۆگەری (گرگرتنی قەشە ماتیا) ی باخ ئارەزووی دەکرد کە پلانە دەرهێنانیەکەی وەك نۆتەی مۆسیقی بێت کە هاوپێچی دەق بێت،سالآنە بەبۆنەی ئاهەنگسازکردن بۆ ئەو قەشەیە دووبارە دەریدەهێنایەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەوەش شانۆ دوور دەخاتەوە لە ئەفڕاندنێك لەسەر خولْقاندن بێت ودەرهێنەر دەگۆڕێت بۆ جێبەجێکارێکی تەکنیکی، هەروەها برێخت دەیویست تێکەلاّو کردنێك بکات لەنێوان دەقی ئەدەبی وپلانی دەرهێنا، ئەوەی جەختیشی لەسەری دەکردەوە ئەوە بوو کە دەقی شانۆیی لەکاتی بلاّوبوونەوەی پێویستە بەتەنیا لەسەر دەیالۆگ چڕ نەکرێتەوە، شیاوە کە هاوپێچی (ئامارژەو دۆخی دیمەنەکەو جل وبەرگ وهێلکاری جولەی کەسێتیەکان لەسەر دەرچوون هاوپێچ بکرێت بە جولەی

ئەکتەرەکان)

بەڵام لە شانۆی سەما ئامێز زۆربەی هەوڵەکانی رۆدلف لابان و ئیمیل دالکرۆزی و بەهاوکاری ئەدۆلف ئەپیا هەوڵیاندا ئەو پلانی جولەی ڕیتمە لەسەر کاغەز جێگیر بکەن بەڵام لە شانۆی سەما ئامێز زۆربەی هەوڵەکانی رۆدلف لابان و ئیمیل دالکرۆزی و بەهاوکاری ئەدۆلف ئەپیا هەوڵیاندا ئەو پلانی جولەی ڕیتمە لەسەر کاغەز جێگیر بکەن، ئەوەی گرنگیش بێت ئەو ئەزموونانە کە جەختی کردۆتەوە لەسەر چۆنیەتی هاتنەدی شیعریەتی جولەی جەستە یا مۆسیقا (کردار---جولە) کە هەموویان دەکرێ لە سەمادا تێبینی بکرێن، بەدڵنیاییەوە ئەوە پریشکی ئەو ڕووناکییەی ڕێگای پشکنینە نوێیەکانە، کە تایبەتە بە مۆسیقاو شیعریەتی جەستەی پیرۆز لە پانتایی شانۆ، کە وای لە ئەنتوان ئارتۆ کرد لەمیتۆدەکەی لە کتێبی (شانۆی توندوتیژیی) ببێت بەدەرخەری ئەو بیرۆکانەی تایبەتن بە گرنگی جەستە و جولە لە نمایش، بەڕادەیەك کە ئەوە ببێت بە دەق.

لەجیهاندا زۆر لەدەرهێنەران تا ئێستاکەش زۆریتریش کاریگەری ئەو بیرۆکانەیان لەسەرە، کە متمانەیان کرۆدتە سەر ئەو میتۆدە، توانیوویانە کەشفی گەشەسەندنی نوێی بۆ بکەن. ئەو میتۆدە بەرەو پێش بردرا لەلایان گرۆتۆفسکی و شوێن هەڵگرتووەکەی باربا و پیتەر بروك و یۆزیف شاینا، هەندێك دەرهێنەرانی وەکو جۆرج بۆتیف و میخائیل چیخۆف و جاك کۆبۆ وماکس راینهارت، لە ڕووسەکان هەریەك لە نیکۆلا ئەفرینۆف و ئەلیکسەندەر تایرۆف لەسەر لابردنی سنووری نێوان سەما و نواندن کاریان کرد یاخود لەنێوان جولەی سەمازان وجولەی ئەکتەر و بانتۆمایم، لەپێناو تێکەڵ کردنی جولەی ئەکتەر و سەمازان و ئەکتەری بانتۆمایم، متمانەیان کردۆتە سەر توێژینەوەی جولە لە کۆمیدیای دیلارتی و بانتۆمایم هەروەها هەندێك شێوازیتر.

لە دانیمارك دەکرێ ئەو کاریگەریە بەڕوونی هەست پێبکەین لەکارەکانی گرووپی شانۆی وێنەیی، هەروەها کریستین دۆلهۆلم و بییێر فیلنگ باسە وبیتەر هۆڵمگۆ و

دەتوانین لێرەدا جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو میتۆدەی شانۆی هاوچەرخ لەجیهان ڕزگار دەکات لە هەرزانی و کاریگەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بازاری بزنس و گۆڕینی بۆ داهێنانی دینامیکی نوێ، بریتیە لەسەراپاگیریی دەربڕینەکان و سەمتە فکریی و تەکنیکیەکان، هەروەها بەکارهێنانی داهێنەرانە بۆ تەکنەلۆژیا لە نمایشی شانۆیی، لابردنی سنووری جۆرو شێوازە ئەدەبیەکان و دەربڕینە بینراوەکانی هونەرە جیاوازەکان، هیچ سنوورێك نیە لەنێوان ووشەی بینراوو درامی و شیعریەتی جولەو بێدەنگ و سەماو مۆسیقای جەستەو نەبوونی ئەکتەر (یاخود ئەوانەی پێشکەش دەکرێت بە بووکە شووشە و ماتریالەکان و پەیوەندیان بە پانتاییەوە) هەروەها نواندن نەکردن و کوتلەو سینۆگرافیای پانتایی.

کرۆکێکی گرنگیتر لە شانۆی هاوچەرخ ئەوەیە ملکەچ ناکات، بەڵکو دژی بڕوای هۆکارو دەرەنجامە لە جولەی ئەکتەر یا لە دەق یاخود لە پێکهاتەکانی پانتایی، ئەوەش جولەیەکی ئازادە، تەنیا بۆ زەمەنە ئەفرێنەرەکەی ملکەچ دەکات، واتا بۆ زەمەن و شوێنی هەنووکەیی (ئێستاو لێرە).

هەموو سەمتێکی ئەفرێنەر لەم شانۆیەدا بەهۆکارێك دەست پێدەکات، بەڵام بەهۆیەکیتر ئاشکرا دەبێت، گەشەسەندنیشی لەڕێگەی هۆکارێکی نوێترە، یان دەرەنجامێکی نوێیە کە پەیوەندی بە هۆکاری سەرەتا نیە، هەروەها پەیوەندی بە ئەنجامە واقعی و لۆژیکیەکانەوە نیە.

هەموو ئەمانەش ئەکتەر وپانتایی شانۆ دەیچریکێنن، لەبەر ئەوەی بەشێك دروست دەکەن لە میتۆدی بیناسازی لە جولە و پانتایی، کە دەبێ هەموو ئەو دەربڕینانە بەکار بێنێت کە پێش گوزارشت لای ئەکتەر بوونی هەیە، واتا پێش پێشکەش کردنی سرووتی ئەفرێنەرەکەی لەبەرامبەر بینەر.

# ووزەی ئەکتەر و ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە

**نیهاد جامی**

ئەو کاتەی پەیوەندی نێوان زانست و شانۆ درووست بوو، ئیدی میتۆدی نوێ پێویستیەك بوو بۆ ئەوەی شانۆ لەناو تاکە ڕاڤەیەکی زانستی نەسووڕێتەوە، بەتایبەت لە بوونی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ، کە هەریەکە لە ئارتۆ و گرۆتۆفسکی خستبوویانە ڕوو، گرۆتۆفسکی توانی هەموو ئەو بنەمایانەی ئارتۆ لەئاستی تیۆریەوە بەرەو پراکتیك بگۆڕێت، سەرباری ئەوەی ڕێرەوێکی بۆ ئەزموونێکی نوێ هێنایە بوون، بۆیە ئەزموونی گرۆتۆفسکی شانۆیەك بوو بەرهەمی عەقڵ و بیرکردنەوەی گرۆتۆفسکی بوو، ئەگەرچی پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ نەبوو بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆیی، تاوەکو یەکێك لە خوێندکار و هاوکارەکانی بەو کارە هەڵسا ئەویش (یۆژینیۆ باربا) بوو، باربا پرۆژەکەی لەگەڵ کۆمەڵە ئارەزوومەندێکی شانۆیی دەست پێکرد، ناوی لە ئەزموونەکەی نا (شانۆی سێیەم) ئەو شانۆیە لە بنەڕەتدا خەمی جوانکاری لەکاری شانۆیی کۆینەکردنەوە، بەڵکو دەیانوویست بەرەو ئەو خولیا وونانە بێننە دی کە شاراوەن، باربا باوەڕی وابوو ئەو کارەش زیاتر لەرێگەی مەشق و ڕاهێنانی جەستەوە دێتە دی، بەدژی ئەو دژایەتی و سەرکوتکردنەوانە دەچوو کە لەدژی تاك ئەنجام دەدرێن، ئەوەش وای کردبوو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان لەسەرووی کێشە ئیستاتیکیەکان بن، بەڵام نەك بەو مانایەی کە بگەڕێنەوە بۆ هونەرێکی میللی و لاسایکارانە، بەڵکو لەرێگەی زمانێکی جیاواز کە جەستە خوڵقێنەریەتی "ئەوەی داوای ئەوە دەکات شانۆ دەبێت بگەڕێتەوە بۆ هونەرێکی میللی وەك ئەوەی هەبووە، ئەوەیان دەرکەوتنی جەهلە بە مێژووی شانۆ"(١)

لەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کێشە کۆمەڵایەتیەکان و بەتایبەت کێشەی تاك بە میللی کردنی شانۆ نیە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ کێشەی مرۆیی لەرێگەی دامەزراوێکی هونەری کە شانۆیە، هەر بۆ ئەوەش هەوڵی دەدا لەسەر دەقەکانی بریخت و دستۆفسکی قوول بێتەوە، چارەسەری بۆ ئەو دەقانە و بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی بووە هۆی لەدایك بوونی تیۆرێکی ئیستاتیکی فرە ڕەهەند بەهۆی ئەوەی شانۆگەریەکانی لە گۆڕەپان و شەقام نمایش دەکرد، بەوەش شانۆی گەیاندە ئەو ئاستەی کە شوێن بریتی نیە لە بیناسازی، بەڵکو بریتیە لەهەر ڕووبەرێك کە شانۆی تیا نمایش بکرێت، شوێن لەکاری ئەواندا بریتی نیە لە شانۆکەی، بەڵکو ئەو بایەخەی نیە، هێندەی بۆچوونیان وایە نووسەر و ئەکتەر لەهەر شوێنێ بوون شانۆ لەوێدایە، لەوەشدا تا ئاستێکی زۆر سوود لە ڕاگوزاری کۆمیدیای دیلارتێ وەردەگرن، بەهۆی ئەوەی ئەکتەر پێویستە خاوەنی بونیاتێکی فرەیی گوزارشت کردن بێت، تاوەکو بتوانێ ڕاگوزەر بکات، لێرەدا ئەکتەر دەبێتە کەناڵی پەیوەندی نێوان دەق و نمایش، بەهۆی ئەوەی لەسەر بونیادی دەقەوە ڕاگوزەر دەکات بۆ نمایش، بۆ ئەوەش پێویستیان بەو جۆرە دەقانە دەبێت کە توانای ئینتیماکردنی هەبێت بۆ ئەکتەر. ئەوەش زمانی فرەیی بە ماتریالەکان دەبەخشێت، سەرەڕای ئەوەی ئەو هاتنە دەرەوەیە لە بیناسازی شوێن توانی دەلالەتی باو تێك بشکێنێت بۆ فرەیی.

کێشە کۆمەڵایەتیەکان بۆ باربا خستنە ڕووی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان نەبووە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵناسی، هەر بۆیە کۆمەڵناسی بەشێکی سەرەکی بووە لە شانۆکەی بۆ تەکنیکی ئەکتەر، ئەو لەنێوان سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیاوە مومارەسەی شانۆی

كردووه، بەڵام بەهۆی بەهەند وەرگرتنی کێشەی تاك و توێژینەوە لەژیانی تاك، پەیوەندی زیندەگی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان لەلای نەبۆتە جێی بایەخ، بەڵکو ژیانی تاك و توێژینەوە لەبارەیەوە جێی سەرنجی شانۆکەی بووە، ئەو فۆڕمە خۆرئاواییەی بووە فۆڕمی باو لەشانۆدا و توانیویەتی خۆی بەسەر تەواوی کولتورە جیاوازەکان بسەپێنێ، کەچی شانۆی سێیەم وەك شانۆی توندوتیژیی و شانۆی هەژار بایەخ بە کولتوری خۆرهەڵات دەدات، ئەو بایەخەی باربا بە کولتوری خۆر هەڵات کە شانۆی سوونەتی جگە لە ئەزموونی ئاڕتۆ و گرۆتۆفسکی هەمووان لەسەر کولتوری خۆرئاوا ئیشیان ئەکرد، بۆیە باربا لەنێوان شانۆی سوونەتی و ئەزموونەکەی خۆیدا بەو شێوەیە بەراووردێك دەخاتە ڕوو "بۆئەوەی بتوانین ڕاڤەی پەیوەندی بکەین لەنێوان شانۆی سێیەم و شانۆی سوونەتی، لەسەرمان پێویستە بەراووردێك بکەین لەگەڵ هەندێك دۆزینەوەی زانستی، بۆ نموونە: زوومەکانی بینین.. کاتێ میکرۆسکۆب خولقێنرا چەمکی سرووشت تا ئاستێکی مەزن فراوان بوو، ئەو پرسیارەی هێنایە پێشەوە کە پەیوەست بوو بەو جیهانەی لەخوار بینینەوەیە یا ئەو سرووشتەی تر، سەبارەت بە من شانۆی سێیەم دیاردەیەکی هاوشێوەی خوڵقاندووە، هەر فۆڕمێك یەکگرتوو بێت بە شانۆی بە خەونی کۆمەڵگایەکی تاکخوازیی، کۆمەڵگایەك تاك تیایدا بوونی هەبێت



سوونەتی شیاوو خوازراو نیە، ئەوانە دوو جیهانی جیاوازن پێویستە ملکەچی بکات بۆ یاسا جیاوازەکان" (٢)

دەتوانین ستراتیژی ئەزموونە شانۆیەکەی لەوەدا بناسین کە شانۆی سێیەم پڕۆژەی پشکنین و دۆزینەوەی ئەو نەبینراوانەیە کە ئەزموونکارانی بەر لەو توانای بینینی نهێنیەکانیان نەبووە، بەواتایەکیتر دەتوانین بڵێین شانۆی سێیەم دەیەوێ پیاچوونەوە بەسەر ئەو شتە فەرامۆش کراوانە بکات کە ئەزموونە شانۆیەکانی پێش خۆی نەیانبینیووە.

ئەو بینینە پێویستی بە سیستمی جیاواز هەیە، پێویستی بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی شانۆ و بینەرە، بەهۆی ئەوەی شانۆکاران چەندین مانگ خەریکی کارکردن دەبن بۆ ئەوەی نمایشێك درووست بکەن، زۆرجار نمایشەکە تەنها یەك ڕۆژ نمایش کراوە، بەواتای کاری چەندین مانگ لە گەڕان و پشکنین بە ڕۆژێك خراوەتە ڕوو، بۆیە ئەو پەیوەندیەی لەو ڕۆژەدا لەگەڵ ئەو بینەرە درووستی دەکەن "ئەو بینەرەی گرووپی شانۆی سێیەم بەدوای دەگەڕێن بینەرێکی سوونەتی نیە، ئەو بەتەنیا نمایشی بۆ ناخرێتە ڕوو، بەڵکو بابەتی پێ دەدرێ بۆ بیرکردنەوە، هەروەها چۆنیەتی خوڵقاندنی پەیوەندی هاوبەش کە لەوەمان کەمە و ئێمەش پێویستیەکی زۆرمان پێیەتی" (٣)

ئەوەش بنیاتنانی سرووتێکی تایبەتمەندو سەربەخۆی شانۆی سێیەمە، بەهۆی ئەوەی لەڕێگەی ڕاگوزەرەوە دەیانەوێ خەونە سەرکووت کراوەکانیان لەناو ئەو سرووتە شانۆییە ئازاد بکەن، چونکە بەشێك لە خەونەکانیان بەو هیوایەوە پارێزگاری لێ دەکەن کە لەناو شانۆ بیهێننە دی، بەتایبەت دوای ئەوەی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە سیاسەت بۆ ئەوان هیچ خەونێکی پێ نیە، بەچاوی گومانەوە سەیری ئایدیۆلۆژیاکان دەکەن، ئەوەش لە خەونی ئایدیۆلۆژیەوە بۆ خەونی تاك دەڕوات.

بەشداری هەر ئەکتەرێك وەك داکۆکیکارێك بۆ خەونی تاکەکان، شانۆ ئەو تاکانە لەخۆی کۆ دەکاتەوە و دەیکات نەوەك دەسەڵاتی کۆمەڵی خەونی تاکەکان بکوژێت.

لێرەدا لەو پرۆسە ئەزموونکاریە هاوکێشە شانۆییەکە بریتی دەبێت لە (ئەکتەر+ دەرهێنەر+ دەق+ شوێن) ئەکتەر ئەو ڕەگەزە گرنگەی ئەو ڕووبەرە شانۆییە، کە پێویستە دەق بکەوێتە خزمەتی تواناکانی، نەوەك ئەکتەر بچێتە ژێر دەسەڵاتی دەقەوە، دەرهێنەر ئەو کەناڵی گەیاندنی پەیوەندیەی نێوان ئەکتەرو دەقە، ئەو کەناڵە کاتێ ئەو دوانە بەریەك دەکەوێنێت.. دەبێتە هۆی بنیاتنانی نمایش، شوێن دوا خاڵی ناو ئەو هاوکێشەییە، چونکە وەك ئەوانیتر ئەو بایەخە گرنگەی نیە، چونکە شانۆی سێیەم باوەڕی وایە ئەوان لەهەر شوێنێك بن دەتوانن شانۆ نمایش بکەن.

ئەو تێگەیشتنە ئەنترۆپۆلۆژیە بۆ شانۆ بەرەنجامی پرۆژە ئەزموونکاریەکانی ئارتۆ و گرۆتۆفسکیە بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ و باربا دەیەوێت ئەو هەوڵانە یەك بخاتەوە، بەواتایەکیتر بنەما تیۆریەکانی لەوان وەردەگرێت، دەیەوێ لەڕووبەرو مانایەکی ناتەبا و جیاوازدا بیخاتەوە ڕوو، ئەو وەك گرۆتۆفسکی لەسەر گرنگی و بەسێنترال بوونی ئەکتەر پێداگیری دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی لە گرۆتۆفسکی جیای دەکاتەوە، ئەوەی ئەکتەر وەك قەدیس سەیر ناکات، هێندەی دەیەوێ وەك جەستەیەکی مرۆیی گوزارشت لە بوونی مرۆڤبوونی خۆی بکات، بۆ ئەوەش پشت دەبەستێت بەو ئەکتەرانەی کە پەیمانگاو قوتابخانەکانی شانۆیان وەك خوێندن نەخوێندووە، بۆیە شانۆکەی لە شانۆیەکی ئارەزوومەندانەوە دەبێتە شانۆیەکی ئەزموونگەری سەبارەت بە دوالیزمەکانی جەستە، بەوەی جەستە بەتەنیا هەڵگری ڕەگەزی خۆی نیە، بەڵکو هەڵگری ڕەگەزی بەرامبەریشیەتی، ئەو تێگەیشتنەش سەرەتا لەدیدی ئەنترۆپۆلۆژی ئارتۆ بۆ شانۆ دەرکەوت، ئەو دەمەی جەستەی لەوە دەرکرد بەتەنیا تاکە خاسیەتێکی هەبێت بەوەی یان نێر بێت یان مێ، یاخود یا خاوەنی مێینە بێت وئەکتەری نێرینە خاوەنی ووزەی نێرینە بێت.

سەرەتا چەمکەکە بۆ ناو پێناسە سەرەتاییەکان



جەستەیەکی زبر بێت یان هێمن، شەڕانی بێت یان ئیرۆسی، بۆیە بەدوای ئارتۆ چیتر جەستە بەتەنیا خاوەنی یەك تایبەتمەند نیە "بەڵکو جەستەیەکە هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە، جەستەیەکی نێرە مووکە، ئەوەش جەستەیەکە تەواوی دوالیزمەکانی جەستە تێك دەشکێنێ، شتێ نیە پێی بووترێ (جەستەی ژن/ جەستەی پیاو)و (جەستەی ڕەش/ جەستەی سپی)و (جەستەی شاریی/جەستەی لادێی)و (جەستەی ناسك/جەستەی بزر)و (جەستەی سووك/ جەستەی قووڕس)و (جەستەی زیندوو/جەستەی مردوو) " (٤)

لەو چارەسەریە باربا چەمکێکی نوێ بە داڕشتەیەکی ترەوە دێنێتە ناو شانۆ، ئەویش چەمکی (ووزە) ی ئەکتەرە، ووزە دەبێتە چەمکێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ خوێندنەوەی ئیشکالیەتی جەستە، بەتایبەت لەڕێگەی ئەو چەمکەوە دەیەوێ ئەو دەمامکە ساختەیە لابەرێت لەسەر ڕەگەزەکان، بەوەی ئەکتەری مێینە خاوەنی ووزەی دەگەڕێنێتەوە، دواتر ڕەخنەی ئاراستە دەکات، بەوەی ووزە مانای هێزو کارکەر دەگرێتەوە، کە بوونی وابەستەی هاوار و دەمارگرژیەتی ماسوولکە کراوە، لەکاتێکدا ووزە بریتیە لە ئامادە بوون.

لابردنی ئەو دەمامکی گرژیی و هاوارە لەسەر ووزەو ناسینی وەك ئامادە بوون سڕینەوەی هەموو ئەو ناونانەیە کە لەڕێگەی ڕەگەزەوە ووزەی پێ بارگاوی کراوە، ئەو دەمەی ئەوەمان لەسەر ووزە نەهێشت، دەکەوینە بەردەم ئامادە بوون، کە بریتیە لەو پڕۆسەیەی "ڕۆڵی ئەکتەر (کوڕ بێت یا کچ) ئاشکرا کردنی ئەو خواستە تاکانەیە بۆ ووزە، وەپارێزگاریکردنی ووزە وخودگەرێتی" (٥)

ووزە بوونی نیە، کە ووزەش بوونی نەبوو، واتە نەبوونی ئامادەبوونە، بۆ ئەوەی ئامادەبوون لەناو شانۆ بوونی هەبێت دەبێت جەخت لەسەر ئەو پەیوەندیە بکرێتەوە کە

تێکشکاندنی دوالیزمەکانی جەستە بۆ باربا پەیوەندی بە کەشف کردنی نهێنیەکی تایبەت هەیە، بەوەی هەریەك لە ڕەگەزەکان بەشێکی ڕەگەزەکەی تری گرتۆتە خۆی، چارەسەری ئەو بۆ جەستە، پەیوەستە بە ئەنترۆپۆلۆژیای جەستەوە، بەهۆی ئەوەی دەیەوێ چارەسەرەکە پەیوەندی بە ژیارەوە هەبێت کە مرۆڤەکان خاوەنین، ئەوەش دوالیزمی (ڕەگەز/ کەسێتی) بۆتە هۆی ئیشکالیەتی ناو ژیار.

بۆ ئەوەی زیاتر ئەو لایەنە ڕوون بکەینەوە نموونەیەك دێنینەوە، با ئەویش شانۆگەری (ماکبێس) بێت، ڕەگەزی ئەکتەر ڕەگەزێکی مێینەیە کە ڕۆڵی (لیدی) یاری دەکات، بەڵام ئاخۆ ڕەگەزی کەسێتی لیدی مێینەیە؟ ئەو دەمەی خەونی تاج لای لیدی دەبێ بە خەونی کوشتن، ئێمە لەڕەگەزی کەسێتی لیدی وەك نێرینە سەیر دەکەین، لەکاتێکدا ئەو مێینەیە، بەواتای لەیەك کاتدا هەڵگری هەردوو ڕەگەزەکەیە.

کەواتە ئەو دوالیزمە (ڕەگەز/ کەسێتی) لەناو خۆیدا پەیوەندی نێوان (ئەکتەر/ کارەکتەر) ە، پەیوەندیەك لەئاستی ڕەگەزی تەواو ناکۆکە، ئەوەش بۆتە بەشێکی زۆری ژیاری کۆمەڵگاکان. (٦)

کەواتە ووزە بریتیە لەتوانای تەکنیکی عەقڵی وجەستەیی ئەکتەر لەچۆنیەتی بەکارهێنانی لەناو نمایش، ژیار وکولتوور توانای ئەوەیان هەیە لەهەر کۆمەڵگایەکدا ووزە ڕێرەوەکەی بگۆڕێت و تەکنیکیتر بدۆزێتەوە، دەبێ لەو کاتەدا ئەو خاسیەتە کۆمەڵایەتیانە بەهەند وەربگرین، کە کوولتورێك سیفاتی پاڵەوانەکانی بەو شێوەیە پاوان ناکات بەسەر ڕەگەزەکان، بەڵام ئەو دەمەی بەشێکی زۆر لە کوولتوری خۆرهەڵات بەپێی یاسای دارستان کارەکتەرە ترسنۆك و بێدەسەڵاتەکان دەدات بە مێینە وبە دەگمەن (نورا وئەلیکتراو ئەنتیگۆنا) لەشانۆی خۆرهەڵاتدا دەبینین (٧) دەبێت ئەکتەری مێینە ووزەی بخاتە بەردەم ئەو گومانە ئەنترۆپۆلۆژیە، بەوەی ئەو جەستە نیە، بەڵکو خاوەنی جەستەیە (٨) کە ئەکتەر بریتی نەبوو لەجەستە، بەڵکو خاوەنی جەستە بوون واتا دەکەوێتە نێوان ووزەو جەستە، ئەوەش بنەمای چارەسەری ئیشکالیەتی ئەو پەیوەندییە کە باربا شانۆی سێیەمی پێ ڕزگار کردووەو نەیهێشتووە لەناو ئیشکالیەت بمێنێتەوە، کە ئەمڕۆ گرووپە ئەزموونگەریەکان زۆر بەبایەخەوە بۆ چارەسەری ئەو ئیشکالیەتە دەگەڕێنەوە، هەمیشە کە بیانەوێ ئامادەبوونی شانۆ ببێتە بنیاتنانی دنیایەکی خوڵقێنراو ئەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە ئەنترۆپۆلۆژیە بۆ ووزە دەگەڕێنەوە، تێگەیشتنێك یۆژینۆ باربای گەیاندە ئەو دەرەنجامەی بڵێت "ئێمە لەسەر جەستە یا دەنگ کار ناکەین، ئێمە لەسەر ووزەکان کار دەکەین"

پەراوێز وسەرچاوەکان

(١) نحو مسرح حي/ سامي عبد الحميد، دار الشؤون الثقافية (بغداد)٢٠٠٦/ص ٦٧

(٢) اوجينيو باربا و مسرح اودين/ الحياة المسرحية، العدد (١٢/١١) شتاء-ربيع ١٩٨٠/ ص٤٦

(٣) هەمان سەرچاوە/ ص ٤٦

(٤) شانۆی پۆست مۆدێرنیتی/ نیهاد چاپخانەی جامی، زنجیرەی (٢٢) کتێبی دەزگای شەفەق ئاراس (هەولێر) ٢٠٠٩/ لا ١٢٤

(٥) طاقة الممثل/ أوجينيو باربا واخرون، ترجمة (د. سهير الجمل) أكاديمية الفنون وحدة الاصدارات المسرح (٣٣) ص ٢٨٤

(٦) لە ئەدەبی کوردیدا با دوو نموونە بێنینەوە، لەئەدەبی کلاسیکی ئەحمەدی خانی و لەئەدەبی نوێ شێرزاد حەسەن، خانی لە (مەم وزین) بەکر مەرگەوەر هەڵگری پرۆژەی مەرگە لەناو ژیاندۆستی عەشقدا، لای شێرزاد حەسەن نموونەکە تەواو جیاوازە، بەڵام ویستوویەتی کارەکتەرەکانی خانی بکاتەوە بە پاڵەوان، بەوەی لە گرتۆتە خۆی، ئەوەش ئەو تێگەیشتنەی باربغیایە بۆ ووزە کە پرۆسەی ئامادە بوونی وەکتەرە لەناوم دوو ڕەگەز یا دوو کەسایەتی.

(٧) پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە باسکردنمان لە یاسای دارستان بۆ شانۆی خۆرهەڵات مەبەستمان زیاتر



چیرۆکی (مەم وزینەکان) کۆمەڵە ئەکتەرێکی شانۆیی لای دەرهێنەرێك لەتاقی کردنەوەدان بۆ ئەوەی دەرهێنەر کچ وکورێـك هەڵبـژێرێت بـۆ کەسـایەتی مـەم وزین،هـەموو کورەکـان سـوورن لەسـەر ڕۆڵ بینینـی مـەم وکچـەکانیش بەهەمان شێوە هەموویان دەیانەوێ زین بن کەس ئامادە نیە ڕۆڵی بەکر مەرگەوەر وەربگرێت، دەرهێنەر ڕوو لەئەکتەرەکان دەکات پێیان دەڵێت کەس ئامادە نیە لە شانۆگەریەکە مەرگەوەر بێت لەکاتێکدا کامیان لەژیاندا مەرگەوەر نین، هەمووتان دەتانەوێ مەم وزین بن لەکاتێکدا ئێمە یەك مەم وزینمان دەوێت دەرهێنەر لەکۆتاییدا دەگاتە ئەو بڕیارەی کە مادامەکی ئەو هەموو مەم وزینەمان هەیە چ پێویستمان بە شانۆیە، ئێمە لێرەدا دەتوانین ئەو دەرەنجامە لەو چیرۆکە هەڵبهێنجین کە هەریەك لە عاشقەکان لەناخدا دژە عەشقیبان بۆ ئەوانیتر

لە شانۆی عەرەبی وکوردیی و ئێرانیە، نەوەك شانۆی یابانی یان شانۆی هندی کە باربا لەبارەی کوولتوری هندیەوە باس لەو سیفاتە دەکات کە قۆرخ نەکراوە لەسەر ڕەگەزەکان.

(٨) ئەوەش ئاماژەیەبۆ ئەو ووتەیەی نیگار حەسیب کە دەڵێت " من جەستەم نییە، من جەستەم، بەڵام ئەگەر جەستەم هەبێت، وەك ئەکتەرێك کە بەشێوازێتر کاردەکات، کە زۆربەی زۆری ئەکتەرەکان جەستەیان دەخەنە بەردەستی دەرهێنەر خۆی پارچە پارچە بکات، لەبواری پارچە پارچە کردندا جەستەی بینەران کە لەگەڵیدا کۆمەڵگا درووست دەکات یەك بگرێتەوە"

(٩) الجسم المتمدد/ اوجينيو باربا، لە کتێبی (طاقة الممثل) هەمان سەرچاوە، لا ٢٩٦